# شانۆی کوردی لە هەندەران «تیپی شانۆی ئارارات.. ئەزموون و میتود و ئیستێتیکا»

د. فازڵ جاف

**نمایشی دوو پێغەمبەر،**
**وەرچەرخانێک لە ڕەوتی هونەریی تیپی شانۆی ئارارات**

بەر لە کاری توێژینەوەی شانۆیی لە ئەکادیمیای پیتەربروک، زانیاریم لە بارەی شێوازی نواندنی کۆمیدیا دێل ئارتێ نەک هەر کەم بوو، بگرە تاڕادەیەکی زۆریش قووڵ نەبوو، بەتایبەتی لە ڕووی کاریگەریەتی و ڕەنگدانەوەی ئەو ڕێبازە شانۆییە ئەوروپاییە ڕەسەنە لە شانۆی مۆدێرندا، کە بە بۆچوونی زۆربەی پسپۆڕان و شارەزایانی مێژووی شانۆ، تاکە ڕێبازی کۆنی ئەوروپایی ڕەسەنە کە لە مێژوودا مابێتەوە و ستیل و شێوازی نواندن و نمایشکردنی تا ئەندازەیەکی زۆر وەک خۆی مابێتەوە و لە ناو نەچووبێت.

دیارە زۆربەی ڕیژیسۆرە پێشەنگەکانی شانۆی مۆدێرن بۆ نوێکردنەوەی شانۆ و دۆزینەوەی فۆرمی ڕەسەنی تەکنیکەکانی شانواندن (المسرحة) پەنایان بردە بەر هونەرەکانی کۆمیدیا دێل ئارتێ، وەک ڕەسەنترین فۆرم و شێوازی نمایشی دابونەریتی بەرجەستەکردن لە شانۆی ئەوروپاییدا، لەو ڕیژیسۆرانە، هەر بۆ نموونە میرهوڵد و ڤاختانگۆڤ لە ڕووسیا، جاک کۆپۆ و چارل دولین لە فەڕەنسا، پاشتر و لە قۆناغی دواتر، داریۆ فۆ لە ئیتاڵیا و جاک لیکوک و ئاریان مونشکین لە فەڕەنسا.

بەڵام بە بۆچوونی خۆم میرهولد لە مەسەلەی نوێکردنەوەی شێوازی کۆمیدیای دێل ئارتێ لە ساڵی ١٩٠٥دا پێشەنگی پیشەنگەکان بوو. ئەو یەکەمین ئەزموونی لە تازەکردنەوەی کۆمیدیای (دیلڵ ئارتێ)دا پێشەکەش بە بزاڤی شانۆیی ڕوسیا و جیهان کرد. تێکستی شانۆیی (بەڵەگانچک)، کە لە نووسینی شاعیری بەناوبانگی ڕووسیا (ئەلکسەندەر بلۆک) بوو،



یەکێک بوو لەو شانۆنامانەی کە بابەت و چیرۆک و کەسایەتییەکانی هەموو دەقاودەق لە ماسکەکانی کۆمیدیای (دێل ئارتێ)یەوە وەرگیرابوون، بەڵام بە دارشتنێکی تەواو جیاهەڵکەوتووەوە.

بنەما سەرەکییەکانی شێوازی نواندن لە کۆمیدیا (دێل ئارتێ)دا بەگشتی ئەمانەن: ئیمپرۆ، بەکارهێنانی ماسک، شانواندان و نمایشی یاریئامێز.

دیارە لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە بە وردی باسی شێوازی کۆمیدی دێل ئارتێ بکەم، چونکە ئەو باسە زۆری دەوێت، کەسانی دیکەی پسپۆر و ئەکادیمی لە من باشتر باسی لێوە دەکەن، کە دەمێکە دەزانم رێبازی کۆمیدیای دێل ئارتێ، کەسێک دەتوانێت بەکاری بهێنێت کە لەو بوارەدا پسپۆر بێت. ئەم شانۆییە پسپۆرێتییەکی گەلێک توندوتۆڵ و تەکنیکێکی سەخت و دژوار دەخوازێت.

جا بۆ ئەوەی منیش نەبم بە یەکێک لەو رێژبسۆرانەی کە لاف بەوەوە لێ دەدەن کە کۆمیدیای (دێل ئارتێ)یان خستووەتە سەر شانۆ، بە پێویستم زانی ئەم خاڵە روون بکەمەوە.

لە دوو پێغەمبەردا بۆ یەکەم جار، هەوڵم دا سوود لە تەکنیکەکانی ئەم رێبازە رەسەنەی هونەری نمایش وەربگرم، ئەمەش ئەرکێکی نەک هەر بۆ خۆم نوێ بوو، بگرە ئەوەندەی من بزانم هیچ شانۆکارێکی کورد بەر لە نمایشی دوو پێغەمبەر پەی پێ نەبردبوو.

رەنگە یەکێک لێم بێتە وەڵام و رەخنەی ئەوەمان لێ بگرێت کە گوایە کۆمیدیای دێل ئارتێ رێبازێکە تەنیا ئەکتەری پیشەمەندی لێهاتوو لە هەقی دێت، چونکە شێوازێکە زیاتر پشت بە نواندن دەبەستێت، نەک بە تێکستی شانۆنامە، ئەمە راستە، من ئەو راستییە دەزانم، ئەوەش دەزانم کە وەک پێر لوی دوشارتەر لە کتێبەکەیدا (کۆمیدیای ئیتاڵی) دەڵێت: راهێنانی دە ئەکتەری شانۆی فەرمی ئاسانتر بوو لە راهێنانی ئەکتەرێک لە شانۆی کۆمیدیای (دێل ئارتێ)دا.

دەوجا وەرە بیر لەو رێژبسۆرانەی خۆمان بکەوە، کە جار و بار، بێ ئاگا و بێ شارەزایی و بێ ئەزموون لافی ئەوە لێ دەدەن، گوایە بە رێبازی دێل ئارتێ کاری دەرهێنانیان کردووە و نمایشەکەیان جۆرێکە لە کۆمیدیای دێل ئارتێ. بۆ خۆم ئیرەیی بە ئاوەز و متمانەیان بەخۆیان دێت، چونکە ئەگەر بزانن کۆمیدیای دێل ئارتێ چییە، هەرگیز ئەو لافە لێ نادەن، یانیش هەر ئەوەندەی لێ دەزانن.

من بەش بەحاڵی خۆم ئەو کاتەیش، وەک گوتم پاش خوێندنم لە رووسیا، ئەم راستییەم دەزانی، بەڵام بۆ دارشتنی پێکهاتی نمایشەکە، دەمویست سوود لە تەکنیکەکانی کۆمیدیای دێل ئارتێ وەربگرم، چونکە پێم وابوو کومیدیای دێل ئارتێ وەک زمانی هونەرییانەی نمایش، گونجاوترین شێوازی نمایشی شانۆنامەی دوو پێغەمبەر بوو، دەشمویست هەر لە سەرەتاوە ئەکتەر لە دۆزینەوەی فۆرمەکانی دەربرین و بەرجەستەکردن و دارشتنی رۆڵەکەیدا سەرپشک و ئازاد بکەم.

## ئەو تەکنیکانە چین کە سوودم لێ وەرگرتن

لەرووی کارکردنی هەرەوەزانە لە شێوەی گرووپ، شانۆنامەی دوو پێغەمبەر یەکەم کاری ئەنسامبلانە "کاری گرووپ" م بوو. هەوڵم دا کێش و قورسایی نواندن بەسەر گرووپەکەدا دابەش بێت، واتە نەک بە سەر تاکە کەس وەک پاڵەوانی سەرەکی، یان پاڵەوانە سەرەکییەکان، ئەم بیرۆکەیە بۆ ئەو قۆناغە و بۆ ئەو کاتەی من نوێ بوو، هەر ئەم بیرۆکەیش وای دەخواست کە ئامادەکردنی تێکست لە رووی دراماتۆرگییەوە

ئامادەیی بەردەوامی زۆربەی زۆری ئەکتەرەکان بخوازێت. ئەم ئامادەییە لە ڕووی جەستەیی و زەینی و هەستەوە بوو، واتە کار و کاردانەوەی بەردەوامی گرووپی ئەکتەرەکانی دەخواست.

وا نەبێت هەر لە سەرەتای پرۆڤەکانەوە درکم بە گرینگی ئەم شێوازە کردبێت و توانایيم بەسەریدا شکابێت، نەخێر، ئەوەبوو سەرەتا وەک ئەو ڕێچکەیەی کە باوە، منیش وەک زۆربەی ڕێژبسۆرەکانی لە مەڕ خۆمان، بایەخم بە ئەکتەری تاک دەدا، بەچەشنی مۆسیقا، وەک ئەوەی ئەو سۆلۆ بێت، بەڵام پاشتر بۆم دەرکەوت کە مێزانسێنەکان سست و کەم وزەن، بگرە لە هەندێک شوێنیشدا تەنانەت مردوون، ماوەیەکی زۆرمان بەم ئەزموونە بەسەربرد، ئاکامەکەی مژدەبەخش نەبوو، بەڵام ئەوەی باش بوو، کە بەو پرۆڤانەی سەرەتا، هەر لە یەکەم قۆناغەوە بۆمان دەرکەوت، کە دەبێت ئەو شێوازە بگۆڕین و ئەو ڕێچکەیە بشکێنین، لە بەرانبەردا ڕێچکەی کارکردنی گرووپ بگرینە بەر، واتە کار لە سەر گرووپ بکەین و وا لە ئەندامانی گرووپەکە بکەین کە بەردەوام لە دۆخی ئیمپرۆ و یاریی شانۆییانە بن، بەردەوام وزەیان بێتە بەر، بەردەوام وزە بەیەکدی ببەخشن و بۆ یەکدی ببن بە سەرچاوەی ئیلهام، وەک لە ئیمپرۆدا باوە بەردەوام ببن بە سەرچاوەی وزە بۆ یەکدی و کار لە سەر کار و کاردانەوەکانی یەکدی بکەن.

لە قۆناغی یەکەمی پرۆڤەوە، ئەکتەرەکانم هان دەدا بایەخ بە کردار و کاردنەوەی یەکدی بدەن، بوارم پێ دان لە داهێنانی فۆرمەکانی دەربڕین و جووڵە و ئاماژە و خولقاندنی میزانسێنەکاندا سەربەست بن، دیارە ئەم ئەرکە، بەتایبەتی لە سەرەتادا بۆ ئەوان ئاسان نەبوو، ئاسان نەبوو ڕێژبسۆر هەر لە سەرەتاوە هەموو نەخشەیەکی ئامادەکرا و ڕوونی پێ نەبێت و هیچ نەخاتە بەردەستی ئەکتەران، ئەم ئازادییە بۆ ئەکتەرانی ئارەزوومەند وەک کۆت و بەند وایە، ناهەقیشیان نییە، چونکە ئەوان چاوەڕێ دەکەن ڕێژبسۆر هەموو ڕێنمایی و وردەکارییەکانیان بۆ دەستنیشان بکات، ئەوان تەنیا جێبەجێی بکەن.

من لە دوو پێغەمبەردا هەوڵم دەدا ئەم ڕێچکەیە بشکێنم، دەزانم بۆ ئەوان ئاسان نەبوو، تەنانەت بۆ خۆشم زۆر ئاسان نەبوو، بەڵام گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە ئەم ڕێچکەیە گونجاوترین زمانی شانۆیی نمایشەکەیە، بۆیە دەبوایە بیگرمە بەر.

سەرەتا هەستم دەکرد جۆرێک لە گومان و دوودڵی و بێ متمانەیی لەلای ئەکتەرەکان دروست بووبوو، ئەمە هەستی خۆم بوو، لە زمانی جەستەی ئەکتەرەکانیشدا بەدیم دەکرد. دیاربوو یەکەم جار بوو لە تیپی ئارارات دەرهێنەر بە عەسای ئەفسووناوی هەموو چارەسەرێک بە ئەکتەرەکان نەبەخشێت، وا بزانم بەلای هەندێکیانەوە، ئەمە لاوازی دەگەیاند، یان هەر نەبێت پێیان وابوو کە نەخشەی جووڵە و میزانیسێنەکانم لەلا ڕوون نین، بەڵام لە قۆناغی دواتردا ئەم شێوازە ئازادە لە ئیمپرۆی کار کاریگەریتی خۆی نواند، ئەوەبوو زۆربەی دیمەنەکان فۆرمی خۆیان وەرگرت، فۆرمی پڕ لە کایە و وزەی شانۆییانە، بەتایبەتی لە دیمەنەکانی سێ پیاوە ماقووڵەکەی شار، کە هەر سێ ئەکتەر، بێستۆن دڕەیی (دەرچووی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی)، ناسری سینا (ڕاگەیاندکاری لێهاتووی بواری ڕادیۆ) و خەلیل بێکەس کە ئەزموونێکی باشی لە تیپە شانۆییەکاندا هەبوو و دەوریان بینی.

کاری ئیمپرۆ و داهێنانی ساتی لە نمایشیاندا بە جوانی دەردەکەوت، هاریکاری یەکدی، کاردانەوەکانیان بەرانبەر بە یەکدی، پلاستیکا و ئاماژەکانیان وزەیەکی شانۆییانەی باشی بەخشیبووە نمایشەکە.

من پێم وایە، ستایلی کۆمیدیای دێل ئارتێ بە زەقی لە نمایشی گرووپئاسای هەرەوەزییانەی ئەم سێ ئەکتەرەدا باشتر دەردەکەوت، بەتایبەتی بە بەراورد لەگەڵ ئەکتەرانی دیکەی وەک وەسی و یاوەرەکەی و هەردوو ئەو دوو ئەکتەرە کە ڕۆڵی دوو پێغەمبەرەکەیان نمایش دەکرد، هەرچی دیمەنەکانی ئەمان بوو، زیاتر لە سەر نەخشە و میزانسێنی تاڕادەیەک نەخشەداڕێژراو بنیاد نرابوون، ئەمەش لەلایەکەوە بە سروشتی کەسایەتییەکان و پێوەندییان بە یەکدییەوە پابەندبوو، لە لایەکی دیکەشەوە بە کەمیی کاتی پرۆڤەکردنەوە. کارکردن بە میتودێکی لەم جۆرە کاتێکی زۆری دەوێ، دەبێت بەهێوری و لەسەرخۆ بێ پەلەپەل کار بکەیت، داهێنان لە هەموو بوارێکدا ئەم هەناسەیە دەخوازێت، نەخاسما ئەگەر بۆ یەکەم جار بێت، بەتایبەتی ئەگەر زۆربەی ئەکتەرەکان ئەزموونیان لە بواری شانۆدا کەم بێت، ئەوجا ئەگەر



پێشـتـر لە سـەر ئەم مـیـتـودە کـاریان نەکردبێت، ئەگەر ئەمــانە و زۆربەیان ئارەزوومــەندیش بن، لە ســەرووی هەمـوو ئەمانەشـەوە، ئەگەر ڕیژیسۆرەکە خۆیشی پێشتر بەم شێوازە کاری نەکردبێت.

هەوڵی من وەک ڕیژیســــۆر بۆ ئەوەبوو هەر یەک لە ئەکـتـەرەکـان بەو مـەبەسـتـە مـەشق بکەن تا شـێـواز و دەربڕینەکانیان، کەسایەتییان و تەنانەت تۆنی دەنگیان، دیمەن بـە دیمەن، بەپێی گــــۆڕانکاری دیمەنەکــــان و کەسایەتییـان، بگۆڕن و تۆنی جیاواز و ڕەنگاوڕەنگ بە نمایشـەکـە ببـەخـشـن، بە ئەندازەیەک کـە نزیک بێت لە زمانی گروتێسک کە زۆرپێوەنان و دژاودژی و کۆنتراست و فۆرمی ناڕیالیستانە دەخوازێت.

ئەکـتـەر لە کـۆمـیـدیای (دێل ئارتێ)دا هەوڵ دەدات داهێنان بـکات، داهێنان بەوەی کـە بەردەوام هەوڵ دەدات جـۆرە بەهاراتێکی شـانۆیی بدۆزێـتـەوە، ئەم بەهاراتە لە بنەچەدا بەشـێکە لە نهـێنی یاریکردنەکـە، یاریکردن لە نێـوان دوو کـەس، یان لە دوو کـەس زیاتر، هەر بۆیە لەم هونەرەدا وشـــەی هاوبەش، یان شــەریک زۆر دووبارە دەبێـتـەوە، چونکە نواندن بە شـێـوازی کـۆمـیـدیای دێل ئارتێ جۆرێکە لە شەراکەت. بەکارهێنانی ئەم بەهاراتە، لە دیمەنەکانی هەر سێ پیاو ماقووڵەکەی شار تا ڕادەیەک باش دەبینرا و هەستی پێ دەکرا، ئەکتەرەکان پرۆڤە لە دوای پرۆڤـە داهێنانیـان تێدا دەکـرد، هەڵبـەتە شـێـوازی

کــورتی دارشــتــنی دیالۆگــەکــانیــان، ڕەنگەکـان و تۆنی جیاجیای ئاخاوتنەکانیان کە مرۆژێک، وەک نووسەر و دراماتۆرگێکی لێهاتوو و جیاهەڵکەوتوو زۆر وەستایانە دایڕشتوون، هەموو ئەم فاکتۆرانە یارمەتی ئەکتەر دەدەن کـە بە شـێـوەیەکی ڕەها یاری شـانـواندن بکات و پەیتـا پەیتا وزە بە یەکدی ببەخشن، بە مەبەستی ئەنجامدانی نمایشێکی گونجاو هاریکاری یەکدی بن و بەردەوام ڕێگا بۆ یەکدی خۆش بکەن.

یاری و نمایشی ئەکـتـەرەکـان پێوەندییەکی پتەوی بە مۆسـیـقـاوە هەبوو، بەر لە نمایشی دوو پێغەمبەر، باوەڕ ناکەم لە هیچ نمایشێکدا مـۆسـیـقـام بەو ئاندازەیە و بەو چڕییە بەکار هێنابێت، نەک هەر بەکارهێنانی مۆسیقا بۆ خـۆی و خـۆی لە خـۆیدا و وەک ترش و خـوێـیـەک بۆ دیمەنەکان، نەخێر، بگرە مۆسیقا وەک ڕەگەزێکی سەرەکی نمایشـەکـە و پاڵپـشـتـێـک بۆ نواندنی ئەکـتـەرەکـان و تەواوکەری دیمەنەکان.

هونەرمەند ئاراس عـارف کە مۆسیقای لە بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی خوێندووە، ئەرکی جێبەجێکردنی مـۆسـیـقـای نمایشەکەی لەسەرشـان بوو، ئەوەی جێگەی شادیم بوو ئەوەبوو، بۆ یەکەم جار پێکەوە کـارمـان کرد، کات و وزەیەکی باشی بۆ نمایشەکە تەرخان کـرد، پێکەوە پارچە مـۆسـیـقـاکـانمان هەڵـبـژارد، کـە سەرجەمیـان مـۆسیقـای کلاسیکی ناسراو بوون، لەوانە سیمفۆنیایەکانی ریچارد شتراوس و جۆرجیۆس بیزێت و کارل ئۆرف.

کـەم دیمەنی نمایشـەکە بەدەر لە مـۆسـیـقا کـاری لەسـەر دەکـرا، هەر بۆیە پرۆڤـەکـانی تەکنیک کـاتێکی زۆری خایاند، ئەمەش بۆ ئارارات نوێ بوو، کارەکانی ئارارات بەر لە دوو پێغەمبەر، نە ئەوەندە مۆسیقایان تێدا بوو، نە ئەوەندەش پشـتـیـان بە مـاسـک و بووکەڵە دەبەست، بۆیە پرۆڤە تەکنیک( جێبەجێکردن) چەند ڕۆژێکی خایاند.

وەک گوتم پارچە مۆسیقاکانیش هەمەڕەنگ بوون و بەم شـێـوەیە دابەشم کـردبوون: مـۆسـیـقـای شـتـراوس بۆ دیمەنەکـانی وەسی و یاوەر، بەمەبەسـتی جەختکردن لە دەسەڵاتی فاشیسـتانە و حوکمڕانی تۆتالیتاریانە بەکار برا، مۆسیقای بیزێتیش، بەتایبەتی مۆسیقای ئۆپێرای (کـارمن) بۆ دیمەنەکـانی پیـاوە مـاقـووڵەکـان بەکـار برا، هەرچی مـۆسـیـقـای (کـارل ئۆرف)ـە بوو، بۆ ئەو دیمەنانە

تەرخان کرابوو، کە مۆرکێکی ئەفسانەیی و ناواقیعی هەبوو، بۆ نموونە بۆ ئەو دیمەنانە کە پێغەمبەرەکانیان تێدا دەردەکەوتن. مۆسیقای (کارمینا بورانا)ی کارل ئۆرف، وەک لایت مۆتیڤ، بۆ چەند جارێک لە دیمەنی هەردوو پێغەمبەرەکە، هەروەها لە کۆتاییشدا دووبارە دەبوونەوە، ئەم مۆسیقایە بۆ زمانی نمایشەکە گونجاوبوو، هەروەها کەشی نمایشەکەی باش بەرجەستە دەکرد، بەڵام پاشتر زانیم کە لەلایەن گەلێک ڕێژیسۆری دیکەوە، بەتایبەتی لەلایەن ڕێژیسۆرانی شانۆی ئێراقییەوە ئەوەندە دووبارە کرابوویەوە و بە ئەندازەیەک سوواو بوو، کە پاشتر بەم ڕاستییەم زانی، پێم خۆش نەبوو، خۆ ئەگەر ئەم ڕاستییەم زانیبا، دڵنیام لەبری مۆسیقا بەناوبانگەکەی ئۆرف مۆسیقایەکی دیکەم هەڵدەبژارد.

سینۆگرافی سوێدی خاتوو مۆنیکا لارسبێرگ نەخشەی سینۆگرافیاکەی لە شێوەی پانتایی بەتاڵدا کێشابوو، ئەمە خواستی خۆم بوو و بۆ نمایشەکە گونجاو بوو، چونکە نمایشەکە پڕ بوو لە جووڵە و دەربڕینی جەستەییانە، بەڵام چەند کەرەستە و پارچە دیکۆرێکی سیمبۆلئامێزی بە شێوەیەکی هێمابەخشانە بەکارهێنابوو، ئەو کەرەستە بچووکانە بۆ ئەوە بوو ڕەهەندی ئەفسانەیی چیرۆکی شانۆنامەکەی پێ بەرجەستە بکات، هەروەها وەک کەرەستەیەکیش ئەکتەر بەکاری بێنێت و نمایشی پێ بکات، لەوانە چەند ئەستوونێک، مێزێک، عەرەبانەیەک و تەختی عەرشێک وەک هێمای حوکمڕانی و دەسەڵات بەکاردەهێنرا. خاتوو مۆنیکا هەر خۆیشی ئێکسسوارەکانی دەستنیشان کرد، کە هەرچەندە بە ژمارە کەم بوون، بەڵام وەک هێما و مانا بۆ نمایشەکە گرینگ بوون. ئەم قسەیە جلوبەرگیش دەگرێتەوە، کە زۆربەیان ڕەهەندێکی مێژووی، یان ئەفسانەییان هەبوو، زۆربەی پارچە جلەکان لە خەزێنەی ئۆپێرای شاهانەی (ستۆکهۆڵم)ەوە پێمان بەخشرابوو، هەندێکیان نەبێت کە لە تەلەڤزیۆنی (ستۆکهۆڵم)ەوە وەرگیرابوون.

نمایشی دوو پێغەمبەر سەبارەت بە ڕووناکی، بۆ ئارارات هەنگاوێکی نوێ بوو، بەوەی کە نمایشەکە لە شانۆی ئاوروردا، کە یەکێک بوو لە ستەیجە باشەکانی شاری ستۆکهۆڵم نمایش کرا، ئەم ستەیجە سیستمێکی باش و مودێرنی ڕووناکی و دەنگی هەبوو، فەرمان جاف بە یارمەتی تەکنیکارەکانی شانۆی ئاوروورا توانی کارێکی گونجاو بۆ سینۆگرافیای نمایشەکە ئەنجام بدات.

## ماسک و بووکەڵە لە نمایشی دوو پێغەمبەردا

ماسکەکانی نمایشی دوو پێغەمبەر هێمای گرینگیان بە نمایشەکە دەبەخشی، بەر لە دوو پێغەمبەر بەکارهێنانی ماسکم بەو شێوەیە تاقی نەکردبووەوە. ئەگەر کرێی هۆڵ و شانۆی نمایش لە بودجەی بەرهەمەکە دەربێنین، دەکرێت بڵێم ماسکەکان و بووکەڵە لە هەموو شتەکانی دیکە زۆرتری تێچوو.

ئەمەیش بۆ نمایشەکە، بە ئەندازەی دەستەکەی (ڕووت بوونەوە) کە لە شانۆکە دەردەکەوێ گرینگ بوو، بەتایبەتی بووکەڵەی شاعیرەکە، شاعیری دەسەڵات، لە شێوەی بووکەڵەیەک، بۆ وەسی، کە بەخواستی ئەو دەکەوتە سەما و شیعر خوێندنەوە، گرینگ بوو.

کە ئەم پرسیارە لە خۆم دەکەم: وەک ڕێژیسۆر ئەزموونی دەرهێنانی دوو پێغەمبەر چی پێ بەخشیم؟ دەتوانم بڵێم نمایشەکە لە سەرفرازکردنی ئەکتەر، بۆ من دەلاقە و ئەزموونگەی یەکەمم بوو، یەکەم جار بوو ئەکتەر لە نمایشێک کە من کاری دەرهێنانم بۆ کردبێت، هەوڵ بدات لە سەرەتاوە تواناییەکانی خۆی لە ئیمپرۆ و هزر و ئەندێشەی داهێنەرانەدا بخاتە گەڕ، هەر لە هەنگاوەکانی سەرەتاوە بتوانێت ڕۆڵەکەی خۆی داڕێژێت نەک تەنیا و سەد لە سەد پشت بە ڕێژیسۆرەکەی ببەخشێت، یان دەقاودەق ڕێنماییەکانی ئەو جێبەجێ بکات.خۆ ڕەنگیشە پێشتر، لێرە و لەوێ ئەم میتودەم پیادەکردبێت، بەڵام وەک ئەزموونێکی سەربەخۆ، وەک میتیودێک بۆ کارکردن هەر لە سەرەتای پرۆڤەکانەوە، کاری ڕێژیسۆریم لە دوو پێغەمبەردا یەکەم تاقیکردنەوەی هونەریم بوو. لایەنێکی دیکەی ئەزموونم لە دوو پێغەمبەردا، کە بۆ من نوێ بوو، بەکارهێنانی ماسک و بووکەڵە بوو، کە بۆ ساڵی ١٩٩٥ دەستکەوتێکی هونەری نوێ بوو.